# گۆڕانکاری یان کاولکاری!؟

## جەمال عەزیز

ئەوەی ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستان دەبینرێ و دەبیسرێ کەلەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەیخەنە بەرباس و شەقام وخەڵکی کوردستانی بۆ ئامادە دەکرێ نەکاری سیاسیەو نەبەرنامەی سیاسی، ئەوەی هەیە تەنها شێواندنی ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و شێواندنی گوزەرانی خەڵکی کوردستانە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە هەرێمی کوردستان بوژاندنەوەو ئاوەدانی و ئارامی بۆتە مێوانی ئەوخەڵکەی کەساڵەهای ساڵە لێیان بێبەریە، بزووتنەوەیەک لەشێوەی بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر لەهەرێمی کوردستاندا نەبن، بەڵکو لەهەر وڵاتێکی تربن دەدرێنە دادگاو بەپێی یاسا ئەو بزووتنەوەیە لەکاری سیاسی و جەماوەری یاساخ دەکرێ و هەڵسوڕاوانیشی بە پێی یاساو دادگا کاری سیاسیان لێ قەدەغە دەکرێ بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، بزوتنەوەی گۆڕان گەر لەوڵاتی تورکیا بوایە زۆر لەمێژبوو یاساخ بوو،حیزبی فضیلە ی تورکیا کە ئەربەکان سەرۆکایەتی دەکرد کارێک و پێشنیاری وای بۆ خەڵکی تورکیا نەکرد لەلایەن دادگای تورکیاوە دەرگای بارەگاکەیان داخراو نەجمەدین ئەربەکانیش بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری سیاسی لێ قەدەغە کرا.

بزووتنەوەی گۆڕان لەپاش درووست بوونی لەهەرێمی کوردستان لەکەشێکی لەبارو دیموکراتیدا خۆی ئامادە کرد بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەڕلەمانی کوردستان ،زیاتر لەمانگێک پروپاگەندەی هەڵبژاردنیان بۆ بزووتنەوەکەیان کرد لەسەرشێوازێکی مۆدرێن ،بەئازادی و دوور لەهەموو چاوسوورکردنەوەیەک بەشدارییەکی کاریگەرو بەرچاویان هەبوو لەهەڵبژاردن بۆ پەڕلەمانی هەرێمی کوردستان، زۆر شێوەو ڕێگای جۆراوجۆری پروپاگەندەی هەڵبژاردنیان تاقی کردەوە تاکو ڕۆژی دەنگدان ، هەروەها بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کاندیدیان هەبوو زۆر بەئازادانە و شێلگیرانە هەوڵیاندا کاندیدەکەیان بگەیەنە ئاستی بەرز تاکو سەرۆکایەتی هەرێم بە کاندیدی خۆیان بسپێرن، توانیان ڕێژەیەکی باش وبەرچاو دەنگی خەڵکی کوردستان بۆخۆیان مسۆگەر بکەن ، لەپەڕلەمانی هەرێمی کوردستان ٢٥ کوردسیان بەدەست هێناو خۆیان وەک هێزی ئۆپزسێۆن ناساند ،ڕایانگەیاند بەشداری لەحوکمەت ناکەن بەڵکو چاودێردەبن بەسەر حوکمەت و پەڕلەمانی هەرێمەوە بۆ ئەوەی ئیش وکارەکانی حوکمەت بەباشی لەخزمەت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بێت ،ئەم بۆچوونەیان بووە جێگەی خۆشحاڵی زۆری خەڵکی کوردستان کەئێمەش وەک وڵاتانی پێشکەوتوو هێزی ئۆپزسێۆنمان هەیەو تەنها حیزبێک یان لایەنێکی سیاسی ناتوانێ تاکە ڕێگای ژیانی خەڵک دیاری بکات ، بەڵکو لەمەودوا

دەستەو کۆمەڵ و لەیەک گەشتن دێتە ئاراوە، بزووتنەوەی گۆڕان تاکە هێزی گەورەی ئۆپۆزسێۆنی ناو پەڕلەمانی کوردستان بوو لەگەڵ دوو هێزی تر سەنگەری ئۆپۆزسێۆنیان هەڵبژارد و بەشداریان نەکرد لە حوکمەتی هەرێمی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان چەندین خاڵ و مادەی دەستووریان لەناو پەڕلەماندا هێناوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە هەروەها پەڕلەمانتارەکان زۆر بەئازادی و بەبێ هیچ سانسۆرێک بۆ ڕاگەیاندنەکان قسەیان کردوەو ئەوەی ویستوویانە گەیاندویانە بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان،گەشتی مەیدانی و بەدواداچوونیان بۆ هەرجێگەیەک ویستبێ ئەنجام داوە هیچ ڕێگریەک لەبەردەمیاندا نەبووە، ئەمانە مشتێکن لەخەروارێک مانای ئازادی و بوونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان دەسەلمێنێ.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هێزو جەماوەرەی هەیان بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی پەڕلەمانی کوردستان خۆیان ئامادە کرد بۆهەڵبژاردنەکانی پەڕلەمانی عێراق/بەغداد،بە لیستی جیاواز بەبێ هیچ هاوپەیمانیەک بەشداریان کرد، هیچ هاوسۆزیەک یان هاودەنگیەک بەدی نەکرا لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە بەرامبەر بەلیستی کوردستانی یان ئەو لیستانەی تر کە سەربەخۆ بەشداریان کردبوو لەهەڵبژاردنەکانی پەڕلەمانی عێراقدا لەبەغداد ٨ کوردسیان بەدەست هێنا بۆ بانگەشەی ئەم هەڵبژاردنەش هیچ کەمتریان نەکرد لە بانگەشەکانی پێشووی هەرێمی کوردستان،بەپێچەوانەوە ئەمجارەیان چاوپێکەوتن وگفتوگۆی ناحەزانی کوردو کوردستانیشیان کرد چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی ئەو ناحەزانەیان کرد کەتاکو ئەمڕۆش دوژمن بە هەموو ویستێکی کوردن، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی عەرەب و تورکمانی کەرکوک داوای نەگەڕاندنەوەی کەرکوکیان دە کرد بۆ سەر هەرێمی کوردستان و پێشنیاری بوون بەهەرێمێکی سەربەخۆ و وابەستەی بەغدادیان بۆ کەرکوک بەباش دەزانی، دوای دروست بوونی حوکمەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی شەشەم دەستکرا بەئاوەدان کردنەوەو بنیات نان لەگشت بوارەکاندا، دوای هەوڵدان بۆ جێ بەجێ کردنی داواکاریەکان بەداواکاری ئۆپزسێۆنیشەوە،دوای کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەڕووی جیهان و وڵاتانی پێشکەوتوو، دوای ڕاکێشانی سەدان کۆمپانیای بیانی بەمەبەستی وەگەڕخستن وبنیات نان و هەلی کار لەهەرێم ، دوای بوژاندنەوەی ژێرخانی هەرێمی کوردستان و باشبوونی گوزەرانی خەڵک،دوای بەرقەرار بوونی هێمنی و ئاسایش کەلەناوچەکەدا جێگەی بەرچاوە، ئەمڕۆ بزووتنەوەی گۆڕان داوای ڕوخاندنی حوکمەت و هەڵوەشاندنەوەی پەڕلەمانی هەرێمی کوردستان دەکات، دەیەوێ پشێوی بخاتە ناو ماڵی کوردو لێک ترازانێک دروست بێ تاکو ئەزموونەکەی هەرێم بۆ چەندین ساڵ بەرودواوە بەرێتەوە، بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێ خەڵکی بهێنێتە سەرشەقام داوای ڕوخاندنی حوکمەتێک بکەن کەخۆیان دەنگیان بۆ داوەو بە ڕەزامەندی خەڵکی کوردستان هاتۆتە دروست بوون ، بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێ هەرێمی کوردستان وەک میسر ،تونس،جەزائیر،سودان،یە مەن، چەندین وڵاتی تر بەراوردبکات کە هەرکامێکیان باس بکەین بەشێوەی کودەتا و دور لەهەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریان گرتۆتە دەست ، بزووتنەوەی گۆڕان

بەیەک چاو سەیری کوردستان و ئەو وڵاتانە دەکات کە بەدەست نەبوونی دیموکراتی و ئاسایش و گەندەڵی و تیرۆرەوە دەناڵێنن بەڕاستی ئەم داواکاریەی بزووتنەوەی گۆڕان جێگای هەزارو یەک پرسیارە!؟ ،داوای هەڵوەشاندنەوەی دەزگای پۆلیش و ئاسایش دەکەن لەکاتێکدا ئەو بزووتنەوەیە زیاتر لەهەموو لایەنێکی سیاسی لەکوردستاندا لەسایەی ئەو دوو دەزگایە سەروماڵیان پارێزراوە، لەسایەی پاراستنیان لەلایەن ئەودوو دەزگایەوە دەتوانن بە ئازادی و سەربەستی کاری سیاسی و جەماوەری و پروپاگەندەی هەڵبژاردن بکەن بەبێ ئەوەی بەڕێژەی لە ١% زەرەرمەندی ئەودوو دەزگایە بن، ئەودوو دەزگایە هێندە کاریگەرن لەسەر ئاسایشی هەرێم بوونەتە چقڵی چاوی دوژمنان و تیرۆرستان لەهەر جێگەیەک بن،ئەو دوو دەزگایە دەستیان دەگات بە دوژمنانی خەڵکی کوردستان و بوونەتە جێگەی ڕەزامەندی خەڵک، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان داوای هەڵوەشاندنەوەیان دەکات کەئەمەش جێگەی سەرنج و پرسیارە!؟.

سەرنجێکی تر کەوەک پرسیار خۆی لەبزووتنەوەی گۆڕان قووت دەکاتەوە؟ لەلایەک وشەی هەرێمی کوردستان بەدەمیاندا نایەت، هەمیشە دەڵێن کوردستانی عێراق، لەلایەک بەراوردی دەکات بەو وڵاتانەی کە مێژووی بوون بە دەوڵەتیان بۆ دەیان و سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە، لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەو پەیوەندیە سیاسی و دیبلۆماسی و ئیداریانەی کە حوکمەتی هەرێم دروستیان دەکات لەگەڵ وڵاتان بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێن حوکمەتی هەرێم حوکمەت نیە! ئەوەی هەیە ئیدارەیەکی کوردیەو دوو حیزب بەڕێوەی دەبەن ئەوان تەنها بەغداد بە مەرجەع دەزانن!؟ لەگەڵ ئەمانەشدا بۆ ئاژاوەو پشێوی لە هەرێمی کوردستان دەڵێن دەبێ حوکمەتی کوردستانی عێراق بڕوخێ و پەرلەمانیش هەڵبوەشێتەوە ،ئەمەی گۆڕان داوای دەکات بانێکەو دوو هەوا ( ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بیانەوێ ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بشێوێنن ،ئەگەر گۆڕان بیانەوێ حوکمەتی هەرێم لەخزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵک بوەستێنن مانای ئاو کردنە بەئاشی دوژمندا،مانای پەلکێشی دوژمن و ناحەزانە بۆ سەر هەرێم، ئەگەر وابێ دوژمن دڵشاد دەکەن و زیان بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەیەنن، پەرلەمان جێگەی گفتوگۆیە، کارکردن مانای خزمەتە بۆ کوردستان،گەر وانەکەن مانای کارکردنە بۆ خواستی ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی داهاتی بزووتنەوەی گۆڕان دابین دەکەن .